# سەردان پێشوازی

رۆژی 2006/7/19 چـوار حزبی کوردستانی کە پێك هاتبوون لە(بزووتنـەوەی دیموکراتیخوازانی کوردسـتانو پـارتی چارەسـەری دیموکراتی کوردستان بزووتنـەوەی دیموکراتی گەلی کوردستانو حزبی رزگـاریی کوردسـتان ) سـەردانی کۆنسـۆلی ئـەمریکایان لەکـەرکوك کـرد، لەلایـەن (مسـتەر تـیم) بەرپرسـی سیاسـی کۆنسـۆلی ئـەمریکاوە پێشـوازیان لێکـرا، گفتوگـۆ لەسـەر پەیوەندییـەکانو مەسـەلەی دیموکراسـیو ئۆپۆزیسـیۆنو کێشـەی کـەرکوك کـرا. لـەکۆتایی کۆبوونەوەکـەدا هـەردوولا کۆبوونەوەکـەیان بەسەرکەوتوو وەسف کرد.

* رۆژی 2006/7/18 عەبـدولباقی یوسـف ئەنـدامی مەکتـەبی سیاسـی یـەکێتی کـورد لەسـوریا سـەردانی مەکتـەبی سیاسـی حزبمـانی کـردو لەلایـەن هـەڤاڵ عومـەر کـارگێری مەکتـەبی سیاسـی پێشـوازی لێکـرا. گفتوگـۆ لەسـەر مەسـەلەی کۆنفرانسـی برۆکسـل کـرا، بـەهێزکردنی پەیوەندیـەکان تـەورێکی تـری گفتوگۆکە بوو.

## خوێندکارێك بەچەقۆ مامۆستایەك بریندار دەكات

رۆژی 18-7-2006 نمـرەی خوێنـدکارانی ئامادەییـەکان وەرگیرایـەوە، مامۆستا مۆفـەق یاریـدەدەری ئامـادەیی پێشڕەو، نمـرەی خوێنـدکارانی ئامـادەیی هەڵۆشـی وەرگرتبـۆوە. خوێنـدکارێکی ئامـادەیی هەڵۆ داوای نمرەکەی خۆی لێ کردبوو، بەڵام مامۆستا مۆفەق پێی گوتبوو: من ناتوانم نمرەکانت بدەمێ، دەیدەم بە بەڕێوەبەرەکـەتان، لەسـەر ئەمـە دەبێ بەشەڕیان، لە ئەنجامدا خوێندکارەکە چەقۆیەك لەمامۆستای نـاوبراو دەداتو برینـداری دەکـات. مامۆسـتایان بەتوونـدی نـاڕەزایی خۆیـان دەردەبڕن و ئەو کێشەیە بۆ وەزارەتی پەروەردە دەگەڕێننەوە.

* گـەڕەکی بابـاگوڕگوڕ لـەناو ئاوارەکـانی پـەنجا عـەلی کـەرکوك، بەدەسـت کـەم ئـاویو بڵاوبوونـەوەی نەخۆشـی سـك چـوون لـەناو منداڵەکانیانـدا دەنـاڵێنن. چـەند جارێـك سـەردانی دەزگـا بەرپرسـەکانیان کردووە بۆ چارەسەرکردن، بەڵام تـەنها لـەئیمزا زیـاتر کـەس هاوکارییـانی نـەکردووە. تەنانـەت ئەنـدازیاری ئـاو (یـەعقوب) بـەڵێنی پـێ دابـوون کـە لـەرۆژی 7/10 سـەردانیان بکـاتو تـەبلیغی ئەجومەنکـەی کردبـوو کـە خەڵکەکە کۆبکاتـەوە دێت کێشـەی ئاوەکـەیان لەگـەڵ بـاس دەکـات، بـەو گەرمایـە خـەڵك کۆببـووەوە، بـەڵام ئـەمیش وەکـو خـۆی دەیـوت تایـەی سەیارەکەیان پەنچەر بووە نەیتوانی بڕوات، هـەزاران جنێـو بەفلسـێك بـە دەستەڵاتی کەرکوك. رۆژی دوایی چـەند کەسـێك هـەڵیان کوتایـە سـەریان لەناو فەرمانگەی ئاوی کەرکوك تا بەهێز کێشکەکە چارەسـەربکەن، بـەڵام دیسانەوە زمان لوسەکان ساردیان کردنـەوە، شایانی باسـە دانیشتووانی ئەو گەڕەکە زۆربەیان لەو ئاوارنەن کە لەهـەولێرەوە گەڕاونەتـەوە، ڕەنگـە ئەوە هۆی سەرەکی بێت.

* هەفتـەی رابـردوو برادەرێکـی عەنتـەر بـەزۆر خـۆی کـرد بـەناو بەنزیخانەی 10ی نیسان بۆ بەنزین وەرگرتن، پۆلیس رێگەی لێ دەگرێت، ئەمیش دەڵێ من (محـافزم) چۆن رێگـە لـەمن دەگری لاچۆ بـا دانەبـەزم هەموو گیانت بشکێنم، ئەمیش لەترسی ئەوەی وەکو پۆلیسەکەی دیکـەی لێ نەکەن کە دارکارییان کردو دەمانچەکەشیان برد رێگـە دەدا، لەوکاتـەدا محافزی ڕاستی دێت، پۆلیسەکە شکات دەکات، کە محـافز بـانگی کابراکـە دەکات، پێی دەڵێ: ڕاستە وات وتووە ئەمیش دەڵـێ بـەڵێ تـۆ لـەدەرەوە من لەناو بەنزینخانە محافزم، ئینجا محافز دەڵێ بـڕۆ جـارێکی دیکـە شـتی وانەکەی قبوڵ ناکەم.

* بەنزینخانـەی چـاڵەکەی (عەرەفـە) هـەموو هەفتەیـەك (3تەنکـەر) وەردەگرن، دەبێ دابەشـی بکـات. بەقسـەی کرێکارەکانیسـەر پەمپـەکان هەموو هەفتەیـەك نیـوەی زیـاتر لـەبازاڕی ڕەش دەفرۆشـرێو هـەرجارەی بەبیانۆیـەك ئیشـەکە رادەگـرێ، هـەر خـۆی دێ پێیـان دەڵـێ دابەشـکردن ڕاگرن بڵێن کارەبا بڕا، پەمپ شکاوە، ئاژاوە دروست کەن..

* هێشتا لیستی مووچەی ئەم مانگەی پەروەردەی چەمچەماڵ ڕەوانە نـەکراوە، بـەڵام نووسـەرەکان دەڵـێن دەرماڵـەی هاوینـە بـڕاوە ، ئـەم پەروەردەیە ئەوەندە گورجن بۆ زەڕبە لێدانی مامۆستا چارەکێکی ئەوە گـورج نـین بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی پەروەردەییـەکان. بـۆ نموونـە چەندەها بینا هەیە 3 دەوامی تیا دەکرێت چـەند بینایـەکیش هەیـە چۆڵ کراوەو زیاتر لە (15) ساڵە حەرفێکی تیا نەخوێندراوە، بۆ چـاك ناکرێـت کەس نازانێ؟.

* قوتابیـەکی تەمـەن 11 سـاڵ بـۆ شـاگردی لـەلای دارتاشـێك لەچەمچـەماڵ لـەم هاوینـەدا کـاری دەکـرد رۆژی 2006/7/18 مشـاری کارەبـایی پەنجەیـەکی لـەبنڕا قرتانـد، بەپەلـە پەنجەکـەیان کـردە زەرفێکەوەو بـەرەو سلێمانی ڕفانـدیان. کـاتێ بـەرەو سلێمانیان دەبـرد هەندێ دەیانووت: ئێوە بڵێن کەمئەندامی شمولی بکات؟.. لە وڵاتان نـەك هەرکاری منداڵان قەدەغەیە، بەڵکو تا نەوەیەکی چاكو ژیریان لێ دەرچێ، دەیـان شـوێنی خـۆشو خـولی تایبـەتیان بـۆ دەکرێتـەوە، لای ئێمـەش لەجیاتی ئەوانە چلوورەو پاکەت فرۆشتن باویەتی.

* لەگوندی هەڕاوەی ناوچەی هەمەوەند چەند شـوانێك لەسـەر لـەوەڕ دەبێ بەشەڕیان، هەندێ تەقە لەیەکتر دەکەن، دواتر خەڵك دەچـن بـەدەم تەقەکانەوە، ناوبژییان دەکەنو هیچ زیانیان نابێ، بەڵام بـاوکی یـەکێکیان کـە دەزانـێ کوڕەکـەی ئـەم تەقـەی کـردووە لەترسـی دوژمنایـەتی دڵـی دەوەستێو دەمرێ...

## هونەرمەندانی کوردستان بەشداری لەڤیستیڤاڵی تۆکیۆدا دەکەن



رۆژی8-7-2006 لەمۆزەخانـەی هونەری میترۆپلانی شاری تۆکیـۆی وڵاتـی ژاپۆنـدا ڤیستیڤاڵی هونـەری جیهـانی (J A A L A) بەبەشـداری 200 هونەرمەنـدی (ژاپـۆن، ئـەفریکا، ئاسـیا، ئـەمریکای لاتـین) دەسـتی بـەکارەکانی خـۆی کـرد. لـەو ڤیسـتیڤاڵەدا هونەرمەنـدانی کـورد هۆڵی تایبەت بەخۆیان هەبوو. جگە لەهونەرمەنـد سمکـۆ ئەحمـەد، گروپـی نمایشـکاری لالـش (نیگـار حەسـیب قـەرەداغیو ئیڤـا) وەکـو میـوان بەشـدارییان تێـدا کردبـوو. لـەرۆژی کردنـەوەی ڤیسـتیڤاڵەکە هونەرمەنـدانی کوردسـتان وتـاری خۆیان پێکەشکرد. لەهۆڵی کوردیدا جگە لـەکاری شێوەکاری، چـەندین بەرهەمی دیکەش پێشاندران.

ئێمە دەستخۆشـی لەهونەرمەند سمکۆ ئەحمەدو تەواوی هونەرمەندە بەشداربووەکان دەکەین

## چۆمان : هاوکاری یانەی وەرزش رادەگیرێ

بـەهۆی هەڵسـوکەوتی حزبییـەوە مـاوەی 4 مـانگ هاوکـاری یانـەی وەرزشـی چـۆمان دەبـڕدرێ. سەرچـاوەیەك بـە (رۆژی گـەل)ی راگەیانـد بـەهۆی رەفتـاری حزب لەبەرانبـەر وەرزشـوانێك بـەناوی (م.ح)، مـاوەی چـوار مـانگ یارمەتی یانەکە راگیرا. هـەر لـەم پێوەندیـەدا وەرزشـوانانی یانـەی چۆمان نیگەرانیو بێزاری خۆیـان سـەبارەت بـەرەفتاری حـزبو دەسـتەڵات دەردەبـڕن، چـونکە راشـکاوانە دەسـت دەخەنـە نـاو کاروبـاری یانەکـە، بـەجۆرێك کـە بۆتە مەکۆی ململانێـی حزبابـەتی تـا ئێسـتا نـەیتوانیوە لـەخولی یانەکاندا بەشداری بکات، ئەمەش نیگـەرانیو بێهیـوایی لـەنێو دڵـی وەرزشـوانانو ئاشـقانی وەرزش لەناوچەکە دروست کـردووە، داوا دەکـەن کـە چـیتر حـزبو دەسـتەڵات دەسـت نەخەنـە نـاو یانەکەیانەوە.

## ئێزدیەکان گلەیی لەسەنتەری رۆشنبیری شێخان دەکەن

تایبەت بەرۆژی گەل: خەڵکی شاری شێخان بەتوونـدی رەخنـە لەسـەنتەری رۆشـنبیری شـارەکەیان دەگـرنو بـەوە تۆمـەتباریان دەکـەن کە بـەزانین یـان بەنەزانییـەوە درێـژە بەپرۆسەی بەعەرەبکردن دەدەن، ئەو سەنتەرە لەجیاتی رۆشنبیری بڵاوبکاتـەوەو مێـژووی راستینی ئۆلی ئێزدیاتی بەدیار بخات کەچی لەسـەر پـەیڕەوی رژێمـی پێشـوو دەڕوات. خـەڵکی شـارەکە لـەوە بێـزارو نـاڕازین کـە ئـەو سـەنتەرە بـەردەوام شـێخادی هـەکاری کـە کـوردێکی رەسـەن بـووە بەشـێخ عـودەی بـن مسـافیر ئەلئەمـەوی ناودەبەن. ئەوەی راستی بێ رژێمـی بـەعس بەمەبەسـتی بەعـەرەبکردنی ئێزیدیەکان ناوی شێخادی هەکاری بۆ شێخ عودەی بن مسافیر ئەلئەمـەوی گـۆڕی بـوو، ئیسـتا ئـەرکی ناوەنـدە رۆشـنبیریەکانو خـەڵکی نیشـتمانپەروەرە کـە تـەعریب بسـڕنەوەو نـاوە بەعـەرەبکراوەکان

## را پەڕین : ئاغاکان هەڵدەکوتنە سەر خزمێکی خۆیانو لێی دەدەن

شـەوی 9-7-2006 کۆمـەڵێك چـەکدار هەڵدەکوتنـە سـەر مـاڵی (م.ق)و ئەنـدامانی خێزانەکـەیان دارکـاری دەکـەنو ئازاریـان دەدەن. وەك زانـراوە ئـەو کابرایـە رێگـەی بەکچێکی خـۆی داوە کـە زەماوەنـد لەگەڵ کوڕە جوتیارێکدا بکات، بـەڵام خزمەکانی کە خۆیان بـەئاغا دەزانـنو بەو زەماوەنـدە رازی نـینو دەیانـەوێ کـابرا پاشـگەز بکەنـەوە. نـاوبراو لەلایـەن پۆلیسـەوە داوای لەسـەر خزمـانی خـۆی تۆمـار کـردووەو دادوەریـش فـەرمانی دەسـتگیرکردنی دەرکردووە، بەڵام تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە دەستگیر نـەکراونو پێشناچـێ کە دەستگیر بکرێن.

شیاوی باسە هەنـدێك لـەئاغاکانی کوردستان تا ئێستاش ئامادەنین کە کچـەکانیان شـوو بـەکوڕە جوتیـاران بکـەن، تەنانـەت هەنـدێ هـۆزیش ئامـادەنین کـە کچـەکانیان شـوو بەکەسـانی دەرەوەی هۆزەکانیـان بکەن، ئەمە هەم کێشـەیەکی گـەورەی لەکۆمەڵگـەی کوردەواریـدا دروسـت کـردووە، هـەم ئاسـتەنگی رێگـەی بەدیموکراسی کردنی کوردستانیشە.

## ئەوەی بەتۆمەتی دەستدرێژی کردنە سەر منداڵێك گیرابوو، ئازاد دەکرێ

پێشتر سەرچاوەکانی هەواڵو هەندێ رۆژنامە بڵاویان کردبۆوە کە دوکاندارێکی شاری رانیە بـەناوی (م.ئـە) کـە تەمـەنی 58 ساڵانە دەستدرێژی لەکچێکی تەمـەن 5 سـاڵان کـردووە، بـەو تۆمەتەشـەوە دەستگیر کرا، ماوەی دوو مانگ لەزیندان راگـیرا. دواتـر بـەهۆی لێکۆڵینـەوەو پشـکنینی پزیشـکیەوە دەرکـەوتو کـە نـاوبراو بێتاوانـەو بەمەبەستی ناوزڕانـدن ئـەو تۆمەتـەی بـۆ هەڵبەسـتراوە. سەرەنجام رۆژی 8-7-2006 ئـازاد کـرا. ئێسـتا نـاوبراو نـاڕەزایی خـۆی لەبەرانبـەر ئـەو رۆژنامانـە دەردەبڕێ کـە هەواڵـە درۆکـەیان بڵاوکردۆتـەوەو ناویـان زڕانـدووە، لەوانەیـە پـەنا بـۆ دادگە ببـاتو سکاڵایان لـەدژدا تۆمـار بکات. لەوکاتەدا دادگە لایـەنگری لـەو کەسە دەکات کە هێشتا تۆمەتەکـەی نەسـەلمێنراوە وەکـو تاوانبـار نـاوی زڕاندراوە.

## بەرپرسێك پارەی گازی موەلیدەی دێڵزێ لووش دەكات

ماوەی ساڵێکە موەلیدەی کارەبا بۆ گوندی دێڵزێـی باڵەکایـەتی دانـراوە، کەچی تا ئێستا بەبیانۆی نـەبوونی گـازەوە نەخراوەتـە کار. بـۆ ئـەو مەبەسـتە چـەندین جـار سـەردانی لایەنـە پەیوەنـدارەکان کـراوەو بـەڵێنیان پێـدراوە کـە گازیـان بـۆ دابـین دەکـرێ، کەچـی لـەم رۆژانـە ئاشـکرابووە، مـاوەی سـاڵێکە بەرپرسێك پارەی گازی ئەو موەلیدەیە وەردەگرێو لووشی دەکات.

دانیشتووانی گوندی دێڵزێ سەرڕاستی دەکەنەوە کە چـەندین جـار قایمقـام فەرمانی بە بەرپرسی کارەبا داوە کە ئـەو موەلیدەیـە بخرێتـە کـار، بـەڵام وەڵام نەدراوەتەوە. لەم پێوەندییەدا خەڵکی گوندەکە هەڕەشەیان کردووە ئەگـەر لـەو ماوەیـەی کـە خۆیـان دیاریـان کـردووە داواکـەیان جێبـەجێ نـەکرێو کارەبـا گوندەکـەیان رۆشـن نەکاتـەوە، ئـەوان ناچـار دەبـن نـاوی ئـەو بەرپرسـە بـۆ راگەیاندنەکان ئاشکرا بکەن کە بەدرێژایی ئەو ماوەیە پارەی گازی لرف کردووە

## هاودەستی خاوەن بەنزینخانەیەك بەسێ بەرمیل بەنزینەوە دەگیرێ

کاتـژمێر 21ی رۆژی 12-7-2006 ئۆتۆمـۆبیلێکی بارهـەڵگر، جـۆری پیکاب لەبەنزینخانەی (م)ی چۆمان دەردەچێ، پۆلیس لێی بـەگومان دەکـەونو بەدوای دادەچن. دواتر شۆفێرەکە دەستگیر دەکەنو دەست بەسەر پیکابەکەش دادەگرن. لەئاکامی لێکۆڵینەوەدا دەردەکەوێ کە خاوەنی بەنزینخانەکە بۆخـۆی رەوانەی کردووە ئەم بەرمیل بەنزینانە بباتو بیانفرۆشێتەوە.

## شوانێك دوو منداڵ لەدەست رفێنەران رزگار دەكات

رۆژی 6-7-2006 لەنزیك گونـدی شێرکاوەی سـەر بەناحیـەی سمێلان، تاکسـییەك کـە 3 کەسـی تێـدا دەبـێ، دەیانـەوێ دوو منـداڵ بـڕفێنن، بـەڵام منداڵـەکان هـاوار دەکـەن، لەوکاتـەدا شـوانێکی ئـازا بـەناوی (میرخـان حەسـۆ) بەهانایانەوە دێو دەستڕێژی لەتاکسیەکە دەکات، تەکسیەکە هەڵدێو یەکێکیان بەجێدەمێنێو دەستگیر دەکرێ. دوای لێکۆڵینەوە دەردەکەوێ ئەو سێ کەسـە بەچاوساغی کەسێکی دانیشتووی شارۆچکەی خەلیفان بۆ رفاندنی ئـەو منداڵانـە هاتوون.

## دوو برا لەسەر بیرهەڵکەندن بەشەڕ دێن

دوو برا بـەناوەکانی (س)و (م) کـە خـەڵکی گونـدی سناوەی دۆڵـی هیرانـی خۆشناوەتین رۆژی 10-7-2006 لەسەر هەڵکەندنی بیرێك کێشە لەنێوانیانـدا دروست دەبێ، بەشەڕ دێنو لەیەکتری دەدەن، سەرەنجام دوو کەس بەناوەکانی (ب) و (م) کـە هـەردووکیان ئـامۆزان بەسـەختی برینـدار دەبـنو رەوانـەی نەخۆشخانەی کۆیە دەکرێن.

## بەگوللەی گەریلاکان دوو لاو لەسەر سنوور دەکوژرێن

رۆژی 12-7-2006 هەشـت لاوی دەڤـەری باڵەکایـەتی بەمەبەسـتی گەیشـتن بەهەنـدەران سـەری خۆیـان هەڵـدەگرنو دەڕۆن، لەسـنووری حـاجی ئۆمـەران لەلایـەن گەریلاکانـەوە تەقـەیان لێـدەکرێ، لەئاکامـدا دوو کـەس بەناوەکانی (عەلی وەیسـیو سـەبری سۆفی) دەکـوژرێن. ئـەوەی شیاوی باسـە ئێستا کۆچ کردن بەرەو هەندەران دەستی پێکردۆتـەوە، رۆژانـە دەیـان لاو وڵات جێدەهێڵنو بەرەو هەنـدەران ملـی رێگـە دەگـرن. لـەم ماوەیـەی دواییدا دەیـان کارەساتی ناخۆش رووبەرووی ئەو سەرهەڵگرتووانە بۆتـەوەو بـەدەیان کەسـیش گیانیان لەدەست داوە.

## 7 ساڵە لەسەر یەك چیای ماکۆك دەسووتێ

رۆژی 11-7-2006 بۆ حەوتـەمین سـاڵ لەسـەر یـەك چیـای مـاکۆك کـە دەکەوێتـە نێـوان دەڤـەری بیتـوێنو خۆشـناوەتی بەدرێـژایی سـێ کیلۆمـەتر سووتێنراو، بەم هۆیەشەوە مەڕدارانی ناوچەکە دووچاری زەرەرو زیـان هـاتوون. ئەوەی شیاوی باسە ئەمە حەوتەمین ساڵە کە رێك لەو رۆژەدا ئـەو کێـوە ئـاگری تێبەردەدرێو کەسیش نازانێ کە کێ ئەو کارە دەکات.

## لەشەقڵاوە لەخەڵك دەدەنو لەشاوەیس دەگیرێن

رۆژی 9-7-2006 لەنێو شاری شـەقڵاوەدا چـوار چـەکدار لەوڵاتیـەك کـە ناوی (هو.مـا. وە))یـە، دەدەنو بەچـەقۆ برینـداری دەکـەن. ئاسـایش دەیـەوێ بەهانایەوە بچێ، بەڵام چەکدارەکان تەقە لەئاسایش دەکەنو لەرێگەی کاوانیـان خۆیان دەرباز دەکەن، دەیانەوێ لەرێگەی زیارەتەوە بەرەو هەولێر بڕۆن، بـەڵام لەبازگەی شاوەیس دەستگیر دەکرێنو رەوانەی زینـدان دەکـرێن. شـایانی باسـە ئەو کەسەی لێیدراوە برینەکـەی سـەختەو لەنەخۆشـخانە خەوێنـدراوە. زانیاریـە سەرەتاییەکان ناکۆکیەکە بۆ کێشەی کۆمەڵایەتی دەگێڕنەوە.

## ژنێك دەسووتێ

رۆژی 19-7-2006 ژنێکـی شـارەدێی زەڕایـەن ئـاگر لەجەسـتەی خۆی بەردەدات، نزیکەکانی بەهانایەوە دەچـنو ئاگرەکـە دەکوژێننـەوە، بەڵام لەبەر سەختی سووتانەکەی رەوانەی نەخۆشـخانە دەکـرێ. هەنـدێك کـەس هۆکـاری خـۆ سـووتاندنەکە بـۆ شـەڕو نـاکۆکی نێـوان ئـەو ژنـەو خەسووەکەی دەگێڕنەوە. ئەو ژنە منداڵی هەیـەو شووەکەشـی پۆلیسـە، بەڵام داوا لەسەر کەس تۆمار نەکراوە.